بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبانەوە
بەناوی گەلەوە

ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستان

ژمارەی بریار:
مێژووی بریار: / / ١٩٩٣

بەپێی حوکمی برگەی(١) لەماددەی(٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢و لەسەر پێشنیاری ئەنجومەنی وەزیران، ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لەدانیشتنی رۆژی ١٩٩٣/٥/١٢ دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەیدا:

یاسای ژمارە (١٢) ی ساڵی ١٩٩٣

یاسای خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێمی کوردستانی عێراق

ماددەی یەکەم: مەبەست لەم وشانەی خوارەوە بو مەبەستی ئەم یاسایە ماناکانی تەنیشتیانە :-
١- کوردستان : کوردستانی عیراق .
٢- هەرێم : هەرێمی کوردستانی عێراق .
٣- ئەنجومەنی نیشتمانی: ئەنجومەنی نیشتمانی کوردستانی عێراق .
٤- ئەنجومەنی وەزیران: ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم
٥- ئەنجومەن : ئەنجومەنی خوێندنی باڵاو لێکۆڵینەوەی زانستیی هەرێم .
٦- دەزگا : دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانی هەرێم.

بابی یەکەم
دامەزراندن و ئامانجەکان

ماددەی دووەم: ئەنجومەنێک بەپێی ئەم یاسایە بو خوێندنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانستی پێکدێ کە بەپێی ماددە(١٠)ی یاسای ژمارە(٣)ی ساڵی ١٩٩٢ بەسەرۆکایەتیی ئەنجومەنی وەزیرانەوە دەبەسترێتەوە .

ماددەی سێیەم: ئەنجومەن سیاسەتی خوێندنی باڵاو لێکۆلینەوەی زانستی بۆ دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە هەرێمدا دادەرێژێو نەخشەی تایبەتی بۆ زانکۆکان ودەزگای پەیمانگا هونەرییەکان دەکێشێو لەیەک نەخشەدا بۆ هەموو هەرێمی رێکدەخاو سەرپەرشتیی جێبەجێ کردنی بەباشی دەکاو کۆنگرە دەبەستیو کاروباری نێردراوانو هاتووان(المبعوثین والوافدین)و پەیوەندیی رۆشنبیری بەرێوە دەبا .

ماددەی چوارەم : ئەنجومەن بەسەرۆکایەتیی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانو ئەندامەتیی ئەمانە پێکدێ.
١- جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران جێگری سەروک
٢- وەزیری پەروەردە .
٣- سەرۆکەکانی زانکۆکانی هەرێم .
٤- سەرۆکی دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانی هەرێم .
٥- حەوت لەئەندامانی دەستەکانی دەرسووتنەوە ( الهیئات التدریسیە) لەوانەی بەپلەی پرۆفیسور (استاذ) یا پرۆفیسوری یاریدەدەر ( استاذ مساعد) لەکاتی پێویستیدا لەگەل لەبەرچاوگرتنی بوارەکانی پسپوریدا .

ماددەی پینجەم: ئەنجومەن ئەم ئەرکو تایبەتکارییانە بەجێ دینی :
١- بریار لەسەردانی نەخشە پێویستەکانی پەرەپێدانی بەرنامەکانو هاندانی بزووتنەوەی دانانو لێکۆلینەوەی زانستیو وەرگیران لەزانکۆکان و پەیمانگا هونەرییەکاندا .
٢- دانانی نەخشەی پێویست بۆ هاندانی زانستیو ئاکادیمیی زمانو رۆشنبیریی ئاشووریو تورکمانی لەکوردستاندا .
٣- پێشکەشکردنی پرۆژەی بووجەی گشتیی زانکۆکانو پەیمانگا هونەرییەکان .
٤- دانانان بەدەزگا زانکۆییو زانستییە بیانییەکانداو بریار لەسەر دانی بنچینەکانی هاوتایی( تعادل) پلەو باوەرنامە زانستی یەکان
٥- دیاریکردنی بنچینە گشتییەکانی وەرگرتن لە زانکۆو پەیمانگاکاندا .
٦- پێشنیاز کردنی دامەزراندنی زانکۆی تر یا هەلوەشاندنەوە یالەیەکدان یا گواستنەوەی هەندێکیان لەهەرێمدا .
٧- بریار لەسەردانی کردنەوەی کۆلیجو پەیمانگای نوی لەهەرێمدا .
٨- پێشنیازکردنی دامەزراندنی سەرۆکەکانی زانکۆکانو سەرۆکی دەزگاو عەمیدەکانی کۆلیجەکانو پەیمانگا هونەرییەکان لەهەرێمدا .
٩- بریار لەسەردانی رێکەوتنامە هاوکاریی رۆشنبیری وزانستی لەگەل لایەنەکانو زانکۆکانو دەزگاکانی تر لەدەرەوەی هەرێمدا .
١٠- ئامادە کردنی راپۆرتی ساڵانە سەبارەت بە باری خوێندنی باڵا لەهەرێمداو پێشکەشکردنی بەئەنجومەنی وەزیران .

١١- سەلماندنی رێکەوتنامە دووقوڵی‌یەکانی نێوان زانکۆکانو دەزگاو دەزگا زانستیو رۆشنبیری‌یەکان لەدەرەوەی هەرێمدا .

١٢- پێشنیاز کردنی دامەزراندنی کارگەرانی پەیوەندی رۆشنبیری لە دەرەوەی هەرێمدا لەکاتی پێویستدا .

١٣- دەرکردنی رینمایی بۆ بە دیهینانی ئەو ئامانجانەی سەرەوە .

ماددەی شەشەم ئەنجومەن مقرر)یکی دەبێ بۆ بەرێوەبردنی کاروباری ئەنجومەن کەلەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە لەپسپۆرانی بواری خوێندنی باڵا دادەمەزرێو ئەرکی ریکخستنی بەرنامەی کاری ئەنجومەنو نووسینی مەحزەری کۆبوونەوەکانیو تۆمارکردنی بریارو ئامۆژگاریو راپۆرتەکانی بەجێ دێنیو راگەیاندنیان بە لایەنە پەیوەندیدارەکان لەماوەی هەفتەیەکدا لە دەرچوونیانەوەو بەدواداچوونی ئەم کاروبارانە لای ئەولایەنانەی پی‌یانراگەیەنراوەو زانینی ئەو هەنگاوانەی بۆیان نراوەو بەرزکردنەوەی راپۆرت لەبارەیانەوە بۆ ئەنجومەن .

ماددەی حەوتەم : ئەنجومەن بۆی هەیە لیژنەی هەمیشەیی یا کاتی لەئەندامانی یالەکەسانی تر بەپێی پیویست پێکبێنی بۆ لێکولینەوەی ئەو باسانەی دەخرێنە بەردەم ئەنجومەنو ئامادەکردنی راپۆرت لەبارەیانەوە پێش سەیرکردنی ئەو باسانە .

ماددەی هەشتەم: دەزگاکانی خویندنی بالاو لێکولینەوەی زانستی لەمانە پێکدین .

١- زانکۆکانی هەرێم

٢- دەزگای پەیمانگا هونەری‌یەکان لەهەرێمدا .

## بابی دووەم

## زانکۆکان

ماددەی نویەم: زانکو شوێنی ئارامی‌یە( حرم آمن ) و مەلبەندی تیشکدانەوەی شارستانیو فیکریو زانستی وتەکنیکی‌یە لەکۆمەڵداو خاوەنی کەسایەتی‌یەکی مەعنەوی سەربەخۆیەو ئەنجومەنێک کاروباری بەریوە دەبا.

ماددەی دەیەم: زانکۆ لەکۆلیجەکانو مەڵبەندەکانی لێکولینەوەو هەر دامودەزگایەکی پیویستی تر لە بوارەکانی زانستی تیوریو پراکتیکی پێکدێ کە بەپێی پەیرەوێکی تایبەتی دادەمەزرێنرێن .

ماددەی یازدەیەم : ئەنجومەنی زانکۆ دەستەی زانستی و بەرێوەبەریتی بالایە لەزانکۆدا و لەم کەسانە پێکدێ :

..١- سەرۆکی زانکۆ — سەرۆک

٢- عەمیدەکان — ئەندام

٣- هەردوو یاریدەدەری سەرۆکی زانکۆ — ئەندام

٤- دوو ئەندام لەدەستەی دەرسووتنەوەی زانکۆ کەلەلایەن دەستەوە بۆماوەی دووساڵ هەڵدەبژێردرینو دەشێ نوێ بکرێنەوە .

ماددەی دووازدەیەم: ئەنجومەنی زانکۆ ئەم تایبەتکاریانە بەجێ دینێ : -

١- تایبەتکاری‌یە زانستی‌یەکان : -

آ- بریار لەسەردانی نەخشەی وەرگرتن بۆ خوێندنی سەرەتایی لەکۆلیجەکاندا .

ب - بریار لەسەردانی نەخشەی لێکولینەوەی زانستی کۆلیجەکانو ئەو مەلبەندە زانستی‌یانەی پێیانەوە بەندن .

ج - بریار لەسەردانی نەخشەی دابینکردنی پێویستی‌یەکانی خوێندن .

د - بریار لەسەردانی نەخشەی کردنەوەی بەش و لق و مەلبەندە زانستی‌یەکان .

هـ - بریار لەسەردانی باسەکانی خوێندنو دابەشکردنیان بەسەر ساڵەکانی خوێندن لەکۆلیجەکاندا

و - بریار لەسەردانی نەخشەی دابینکردنی ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوە .

ز - بەخشینی پلەی زانستی بەئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوە .

ح - بریار لەسەردانی جێبەجێکردنی نەخشەی وەرگرتن بۆ خویندنی بالا.

ط - بەدواداچوونی بەرنامەکانی هەڵسەنگاندنی ئەندامی دەستەی دەرسووتنەوە .

ی - بریار لەسەردانی بەرنامەکانی خوێندن و دەسکاریکردنیان بەمەبەستی چەسپاندنی باری زانستی .

### ٢- تایبەتکاری‌یە ئیداری‌یەکان

آ- بریار لەسەردانی نەخشەی پەیوەندی‌یە دوو قولی‌یەکانی رۆشنبیری لەگەل زانکۆو دەزگا زانستی‌یەکانی دەرەوەی هەرێمداو جێبەجێ کردنیان .

ب - بەڵێن بەستن لەگەل ئەندامە بیانی‌یەکانی دەستەی دەرسووتنەوەو هونەرکاراندا.

ج- دامەزراندنی ئەوانەی دەرس دەڵێنەوە لە خاوەنانی باوەرنامەی دوکتوراوماجستێرو هاوتاکانیان .

د - پەسندکردنی (ئیفادو ئیعارە) و مۆڵەتی خوێندن لەناوەوەو دەرەوەی هەرێمدا.

هـ - بریار لەسەردانو جێبەجێ کردنی نەخشەی راهێنانو مەشق پێکردنی کارگێرانی زانستیو بەرێوەبردن.

و- بریار لەسەردانو جێبەجێ کردنی نەخشەی (میلاک)ی زانستیو بەرێوەبەرێتی کۆلیجو مەڵبەندە زانستییەکان.

٣- تایبەتکارییە داراییەکان

آ- بریار لەسەردانوجێبەجێ کردنی نەخشەی بووجەی ساڵانەو بەرنامەی (استیراد)ونەخشەی (استثمار) راستەوخو بەرێکخستن لەگەل لایەنە پەیوەندیدارەکان لەهەرێمدا.

ب - سەلماندنی بریارەکانی لیژنە تایبەتییەکان سەبارەت بە کوژاندنەوەو (شطب) نرخاندنو بەکرێدانو فرۆشتنیماڵومولکی گوازراوەو نەگوازراوەی زانکۆ.

ج - بریار لەسەردانی دواحساب (الحساب الختامی)

٤- ئەنجومەن بۆی هەیە هەندی لەدەسەلاتەکانی خۆی بەسەرۆکی زانکۆ بسپێری.

ماددەی سیازدەیەم: دەبێ ئەوەی بەسەرۆکی زانکۆ دادەمزری باوەرنامەی دکتۆرای هەبێو لەپلەی پرۆفیسور یایاریدەدەری پرۆفیسوردابێو خزمەتی لە دە ساڵ کەمتر نەبێ ئەمە دوای هەڵبژاردنی لەلایەن ئەو ئەندامانەی دەستەی دەرسووتنەوەوە لەزانکۆدا کەلە پلەی پرۆفیسوری یاریدەدەرو بەرەوژوودانو دامەزراندنیشی بەبریاری لایەنی پەیوەندیدارو بەپێی یاسا رەچاوکراوەکانو بۆ ماوەی چوار ساڵ دەبێ.

ماددەی چواردەیەم: سەرۆکی زانکۆ ئەم دەسەلاتانەی هەن.

آ- سەرۆکایەتی کردنی ئەنجومەنی زانکوو بانگکردنی بۆ کۆبوونەوە ئاساییو نائاساییەکانو جێبەجێکردنی بریارەکانیو نوێنەرایەتی کردنی زانکۆ لەبەردەم گشت لایەنەکاندا.

ب - بەرێوەبردنی کاروباری زانستیو ئیداریو داراییی زانکۆ بەپێی حوکمەکانی یاساو پەیرەوو بریارەکانی ئەنجومەنی خویندنی بالاولیکولینەوەی زانستیو ئەنجومەنی زانکۆ.

ج - بەرێوەبردنی ماڵومولکی گوزراوەونەگوزراوە بەپێی یاساو پەیرەوو رێنماییە کارپێکراوەکان.

د- دابەشکردنی قازانجی کتیب (عیادە) کانی راوێژکاریو تەرخانکردنی ٤٠٪ بۆ زانکۆ کە دەخرێتە سنووقیکی تایبەتییەوەو بۆپەرەپێدانی چالاکیە زانستیو خزمەتگوزارییەکانی تەرخان دەکری، هەروەها دابەشکردنی ٦٠٪ بەسەر کارگەرانیدا.

هـ - سەروکی زانکو بوی هەیە هەندی لەدەسەلاتەکانی بەعەمیدەکانو دوو یاریدەدەرەکەی خۆیو هەرکەسیک بەپەسندی بزانی بسپیری.

ماددەی پازدەیەم: ئەنجومەنی کولیج دەستەی زانستیو ئیداریو داراییی کولیجەو لەمانە پێکدێ:

آ- عەمیدی کولیج — سەرۆک

ب - سەرۆکەکانی بەشە زانستییەکانو سەرۆکەکانی لقە زانستییەکانی ئەو کولیجانەی بەشی زانستییان تیدانییە — ئەندام

ج- یاریدەدەری عەمید — ئەندام

د - دوولە وانە بێژە دیارەکانی کولیج کە دەستەی دەرسووتنەوە هەڵیاندەبژێری — ئەندام

هـ - بەرێوەبەرەکانی مەڵبەندەکانی لێکولینەوەی زانستیی سەربە کۆلیج — ئەندام

ماددەی شازدەیەم: ئەنجومەنی کولیج ئەم تایبەتکاریانە بەجێ دینێ:

١- تایبەتکارییە زانستییەکان:

آ- دانانی نەخشەی وەرگرتن بۆ خوێندنی سەرەتاییو باڵا بەپێی بەش یا لقی زانستیو مەرجەتایبەتییەکانیانوبەدواداچوونی جێبەجێکردنیان.

ب- دانانی نەخشەی تایبەتی بۆلێکۆلینەوەی زانستی ودانانو وەرگیرانو بڵاوکردنەوەو دابینکردنی پێویستەیەکانی خوێندنو ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوە.

ج- دانانی نەخشەی کردنەوەی بەشو لقە زانستییەکانو مەڵبەندەکانو پێشنیازکردنی بەشو لقی زانستیی نوێ یالێکدانیان یاهەڵوەشاندنەوەیان ودابەشکردنی بەرنامەکان بەسەر ساڵەکانی خوێندنا

د- بریار لەسەر دانی نەخشەکانی بەشە زانستییەکان لە بارەی داوەتکردنی پرۆفیسورە میوانەکانەوە (الاساتذە الزائرین).

هـ - بریار لەسەردانی ناونیشانی نامە زانکۆییەکان ودیاریکردنی لیژنەکانی تاقیکردنەوەی گشتیو سەر

پەرشتكارو بەشدارو ئەنجامەكانى لێدوان لـــــێ.
زيادكردنو لێ بەلاونان لە باسەكانى خوێندنى بـالاو
پەسندكردنى ناوى ئەوانەى تاقيكردنەوەى دەرەكـــى
( امتحان خارجى )دەدەنو بەش يا لقە زانستىيەكـــە
پێشنيازى كردوون .
و- پێشنيازكردنى خوێندنى بالاَى نوێو بەرنامـــەو
نەخشەكانى سالانەيانو هەر كاروبارێكى تر كە لـــە
برگە( هـ ) ى ئەم مادەيەدا نەووتراوە.
ز- بريار لە سەردانى جێ بەجێ كردنى مەشقـــــــى
پراكتيكيى هاوينان بۆ قوتابييان .

٢- تايبەتكارييە ئيدارييەكان:

آ- سەرپەرشتيكردنى كاروبارى كوليجو بايەخدان بـە
چالاكييە زانستيو روشنبيريو پەروەردەيـــــيو
وەرزشييە جوراو جورەكان .
ب - ئامادەكردنى( ملاك )ى كوليج لەئەندامانـــى
دەستەى دەرسووتنەوەى كوليج پيش كوتايـــى
سالى خويندن لەبەر روشنايى ئەوپيشنيازانـــەى
كە عەميدو ئەنجومەنەكانى بەشو لقـــەكان
پيشكەشى دەكەن .
ج - پێشنياز كردنى ئيجازەى خوێندن لەناوەوەى
هەريمدا بو كارگەرانى كوليج لەسەر پێشنيـــاز
كردنى بەش يالقى زانستيى پەيوەنديدار :
د - پێشنيازكردنى گەرانەوەى ئەندامى دەستـــەى
دەرسووتنەوە بۆ سەركار لەسەر پيشنيازى بـەش
يالقى پەيوەنديدار( ئيجازەو زەمالەو بعثـــه )
بدرى بەئەندامانى .
هـ - پەسندكردنى خوتەرخانكردنى( تفرغ) ئەندامى
دەستەى دەرسووتنەوە لەناوەوەو دەرەوەى هەريمدا
بەپێى پيوانە رەچاوكراوەكان.
و- سەپاندنى سزاى ( انضباطى) بەسەر قوتابيياندا
بەپێى پەيرەوو رينمايييە رەچاوكراوەكان .
ز- سەيركردنى هەموو ئەوكاروبارانەى تر كەعەميد
بۆيانى دەنێرێ .
ح - سەرپەرشتيى جێبەجێ كردنى پەيـــــرەوو
رينمايييەكان سەبارەت بەكاروبارى زانستـــــى
كوليـــج .
ط - راسپاردن بە ( انتداب ) كردنى ئەندامانـــى
دەستەى دەرسووتنەوەو ( محاضر)ەكان بۆ خوێندنى
بالاَ بەپێى ژمارەو پێويستى كەبەشو لقەكـــان
دياريى دەكەن.

ى - پێشنيازكردنى نەخشە پێگەياناندن( تاءهيل)ى
كارگێرى زانستيوئيدارى .
ك - پێشنيازكردنى نەخشەى پەيوەنديى رۆشنبيرى
دوو قوولـــــى.
م- ئەنجومەن بوى هەيە ليژنەى ياريدەدەر بــۆ
جێ بەجێ كردنى ئەركە زانستيوئيداريو داراييو
پەروەردەيييەكانى پێكبێنێ .

٣- تايبەتكارييە داراييەكان :

آ- پێشنيازكردنى نەخشەى بووجەى سالانـــەو
بەرنامەى كەلوپەلى هينان( استيراد)ى سالانـــەو
نەخشەى بەكەرخستن( استثمار)ى سالانە.
ب- راسپاردن بەبريار لەسەردانى دواحســـاب
( الحساب الختامى) .
ج- پەسندكردنى سێكجو نەخشەوخشتەى(كميـات)و
كارو پرۆژە تايبەتييەكانى كەلە بووجەىئاساييو
بەكەرخستنداهەنو حەوالەكردنوبەلێن بەستـــن
بو جێبەجێكردنيان بەپێى حوكمەكانى يـاساو
پەيرەوو مەرجە تايبەتييەكانى .
د- ئەنجومەن بۆى هەيە هەندێ لەدەسەلاتەكانـــى
بەعەميد بسپێرى .

ماددەى حەڤدەيەم: هەر كولێجيك عەميديك سەروكايەتــى
دەكا كە دەبى باوەرنامەى دوكتوراى هەبــێو لە
پلەى پرۆفيسور يا پرۆفيسورى ياريدەدەر دابـــيو
خزمەتى زانكۆيى بەلايەنى كەمەوە حەوت ســالَ
بێ، ئەمە دواى هەلبژاردنى لەلايەن ئەندامانـــى
دەستەى دەرسووتنەوەوە لە كۆليجدا لەوانـــەى
لەپلەى مامۆستا( مدرس ) و بەرەوژوودانو دامـەـ
زراندنيشى بەبريارى ئەنجومەنى وەزيرانو لەسەر
پێشنيازى ئەنجومەنو بۆ ماوەى چوار سالَ دەبێو
ئەم تايبەتكارييانە بەجێ دێنێ:

١- تايبەتكارييە زانستييەكان

آ- چـاودێريكردنى رەوتى خوێندنى سەرەتايى
وبالاو چەسپاندنى بەردەواميى بارى فيكـــريو
پەروەردەييو زانستى .
ب - سەلماندنى پێشنيازەكانى بەشو لقەكان.
ج - پەسندكردنى دابەشكردنى باسەكانى خويندنو
يەكە وەرزيەكان ( الوحدات الفصليه ) بەســەر
ئەندامانى دەستەى دەرسووتنەوەو موحازيرەكانداو

پێکهێنانی لیژنەکانی لیدوانی نامەکانو دیاری کردنی کاتەکانیان .

د- بەجیهێنانی گشت ئەو رێنماییو پەیرەوانەی سەبارەت بەرێکخستنی کاروباری زانستیو پەروەردە دەرچوونو ئەو بریارانەش کەلە ئەنجومەنی کۆلیجەوە دەرکراون .

٢- تایبەتکاریە ئیداریو داراییەکان :

آ- بەجیهێنانی ئەو یاساو پەیرەوو رینماییانەی پەیوەندییان بەکاروباری ئیداریو داراییەوە هەیە .

ب- پەسەند کردنی پێشنیازەکانی ئەو لیژنانەی لەکۆلیجدا پێکهاتوون .

ج- پەسندکردنی ناونووسی قوتابییان بۆ خوێندنی سەرەتاییو بالا.

د- پەسندکردنی کرینو هینان ( استیراد)ی کەلو پەلی تاقیگەییو پیویستییەکانی ترو گۆڤاروکتێب.

هـ- پەسند کردنی بەخشینی خەلات بەکەسانی دەرەوەی زانکۆ لەسەر راهینانو دەرسووتنەوە لەکۆلیجداو سەرپەرشتی کردنی نامەکانو بەشدار بوون لە لیژنەکانی تاقیکردنەوەی سەرەتایی لیژنەکانی لیدوان بەپیی یاسا رەچاوکراوەکان .

و- پەسند کردنی گورینی ناونیشانی هونەریو ئیداری لەچوارچیوەی ( ملاک) ی سەلمیندراوی کولیجداو بەپێی حوکمی یاساو پەیرەوو رێنماییەکان .

ز- ریکەوتن لەسەر گوازتنەوەو تەنسیبکردنی کارکەران لەئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەو هونەریو ئیداریەکان لەسنوری کولیجو فەرمانگەکانی زانکودا دوای سازکاری ( تنسیق) لەنیوان هەردوو لای گوازتنەوەکەدا بەمەرجی لەلایەن سەروکایەتی زانکووە پەسەند بکری

ماددەی هەژدەیەم : بەشی زانستییەکە ( وحدە)ی زانستیی بنچینەییی خوێندنی بالایەو ئەنجومەنی بەش لەلایەن سەرۆکەکەیەوە بەرێوە دەبری کە دوای هەلبژاردنی لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەی بەشەوە بەبریاری سەرۆکی زانکۆ دادەمەزری بەمەرجی پلەی لەپرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبیو ئەنجومەن ئەم تایبەت کاریانە بەجێ دینێ :

١- لیدوانی بەرنامەکانی خوێندنو ( مفردات)ەکانیو کتێبەکانی خوێندنو پێشنیازکردنی گورینو بەلاوەنانیان لەبەر تیشکی ئامۆژگارییەکانی دەستەی دەرسووتنەوەدا .

٢- پێشنیاز کردنی پیویستییەکانی بەش لە ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەو هونەرکارانو پیشنیازکردنی داوەتکردنی پرۆفیسوری میوان .

٣- بریار لەسەردانی پروژەی ئەو لیکۆلینەوە زانستییانەی لەلایەن ئەندامانی بەشەوە پێشکەشکراونو پیشنیازکردنی ریوشوینی مسوگەر کردنی تەواوکردنیانو ئامۆژگاریکردنی یاریدەدانی چاپکردنی لیکولینەوەی زانستیو کتێبی دانراوو وەرگیردراوو بایەخدان بەلیکولینەوەکانی قوتابییانو دابینکردنی پیویستییەکانی جێبەجێ کردنیان .

٤- جێبەجێ کردنی بریارەکانی ئەنجومەنی کولیج

٥- پێکهێنانی لیژنەی پەروەردەییوزانستی بەپێی پیویستیبەش .

٦- سەرپەرشتی کردنی رەوتی دەرسووتنەوەو شیوازەکانیو پەرەپیدانیانو ئەرکەکانی ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەوکارگەرانی تری بەشو کاروباری زانستیی قوتابییان لە سالە جیا جیاکانی خویندندا لە ریگەی سەرپەرشتی کردنی زانستییانەی بەردەوامیانەوە .

٧- بەدواداچوونی پێشکەوتنە زانستییەکان لە بواری زانیاریو زانستیداو رێنماییکردنی ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەوە بۆ نوێکردنەوەی بەرنامەو باسەکانی خوێندن بەشێوەیەک کەلەگەل ئەو پێشکەوتنە زانستیو تەکنۆلوجییەدا بگونجێ

٨- سیاردنی هەندی لە دەسەلاتەکانی بە سەروکی بەش .

ماددەی نوزدەیەم : ئەنجومەنی بەش یا لق لەسەرۆکو ژمارەیەک لەئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەوە پێکدێ کەلە ( ١٢) زیاترو لە( ٧) کەمتر نەبن بەمەرجێ پلەیان ماموستا ( مدرس)و بەرەوژوور بێو ئەگەر ئەو ژمارەیە لەو پلە زانستییە دانەبین نەبوو دەکرێ هەندیکیان بەپلەی ماموستای یاریدەدەر ( مدرس مساعد) بنو بەپێی لە پێشترینەییان.

ماددەی بیستەم: دەستەی دەرسووتنەوە لەزانکۆکان و دەزگادا لەمانە پێکدێ .

١- پرۆفیسۆرەکان

٢- پرۆفیسۆره یاریدەدەرەکان .
٣- مامۆستاکان .
٤- مامۆستا یاریدەدەرەکان .

ماددەی بیست‌و یەکەم

١- دەبێ ئەوەی بەمامۆستای یاریدەدەر دادەمەزرێ پایەو لەقەبەی پێدەبەخشرێ باوەرنامەی ماجستێر یا هاوتاکەی هەبێ .

٢- ئەگەر مامۆستای یاریدەدەر لەماوەی چوار ساڵدا لەرۆژی دامەزراندنی‌یەوە نەخزایە پلەیەکی بەرزترەوە دەبێ بگوێزرێتەوە بۆ دەرەوەی خوێندنی باڵا بەمەرجێ گوازتنەوەکەی رەزامەندیی ئەنجومەنی کۆلیج‌و ئەنجومەنی زانکۆی لەسەربێ.

ماددەی بیست‌و دووەم: دەبێ ئەوەی بە مامۆستا دادەمەزرێ یا ئەو پلەیەی پێدەبەخشرێ یەکێ لەم دوومەرجەی تێدابێ : -

١- باوەرنامەی دوکتۆرای دانپێدانراو یا هاوتاکەی لەرووی زانستی‌یەوە هەبێ یا باوەرنامەیەکی زانستی یاهونەری یا تەکنیکی یا پیشەیی لەو تایبەتکاری‌یانەدا هەبێ کە باوەرنامەی دوکتۆرای تێدا نادری یا باوەرنامەیەکی هاوتای لەرووی زانستی‌یەوە بەمەرجێ ماوەی خوێندن بۆ وەرگرتنی ئەم باوەرنامەیە لەسێ ساڵی دوای وەرگرتنی‌باوەرنامەی سەرەتایی کەمتر نەبێ .

٢- مامۆستای یاریدەدەر بێ لەیەکی لەزانکۆکان یا دەزگای پەیمانگا هونەری‌یەکاندا بۆ ماوەیەک کە لەسێ ساڵ کەمتر نەبی‌و لەوماوەیەدا بەلایەنی کەمەوە دوو لیکولینەوەی بایەخداری بلاوکردبێتەوە کوششێکی باشی لەدەرسووتنەوەدا کردبێ .

ماددەی بیست‌و سێیەم: دەبی ئەوەی بەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دادەمەزری یا ئەو پلەیەی‌پێدەبەخشرێ لەدەرسووتنەوەدا لەپلەی مامۆستادا بووبێ لە یەکی لە زانکوکان یا دەزگای پەیمانگا هونەریەکاندا بو ماوەیەکی کە لە چوار ساڵ کەمتر نەبی و بەلایەنی کەمەوە سی لیکولینەوەی بایەخداری بلاو بکریتەوە .

ماددەی بیست‌و چوارەم: دەبێ ئەوەی بەپلەی پرۆفیسۆر دادەمەزری یا ئەو پلەیەی پێدەبەخشری مەرجەکانی برگەی ( ١) ی ماددەی (٢٢)ی تێدا بن‌و بەلایەنی کەمەوە شەش ساڵی لەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەر دابەسەر بردبی‌و لەوماوەیەدا کۆششێکی دیاری لە دەرسووتنەوەدا کردبی‌و بەلایەنی کەمەوە سێ لێکولینەوەی رەسەن‌و داهێنراوی بڵاوکردبێتەوە.

ماددەی بیست‌و پێنجەم: بەدەر لەحوکمەکانی مادەکانی پێشوو دەکری خاوەنی باوەرنامەی دوکتۆرای دانپیدانراو یا هاوتاکەی لەرووی زانستی‌یەوە لەزانکودا بەپلەی پروفیسوری یاریدەدەر لەسەر پیشنیازی ئەنجومەنی زانکو دابمەزری ئەگەر هەمان ماوەی دەرسووتنەوەی لەزانکوکانی دەرەوەی هەرێمدا هەبووبێ‌و بەسەرکەوتوو لە دەرسووتنەوەدا ناسرابی‌و لێکولینەوەی زانستی‌ی بایەخدارو داهێنراوی بڵاوکردبێتەوە .

## بابی سێیەم

## دەزگای پەیمانگا هونەری‌یەکان

ماددەی بیست‌و شەشەم: دەزگایەک بەپێی ئەم یاسایە دادەمەزرێنرێ پێدەووتری ( دەزگای پەیمانگا هونەری‌یەکان‌لەهەرێمدا )و مەڵبەندەکەی لەشاری هەولێر دەبێ .

ماددەی بیست‌و حەوتەم: دەزگاکە لەو پەیمانگایانە پێکدێ کە لەبوارەکانی خوێندنی هونەری‌ی دوای‌خوێندنی ئامادەیی‌و هاوتاکانیدا پسپۆرن‌و کەسایەتی‌یەکی مەعنەوی‌ی هەیەو بۆی هەیە ئامۆژگاری‌ی کردنەوەی پەیمانگای نوێ یا هەلوەشاندنەوە یا لەیەکدانیان بکا لە هەرکاتدا بەپێویست زانرا .

ماددەی بیست‌و هەشتەم :

١- ئەنجومەنێک دەزگا بەریوە دەبا کە پێکدێ لەسەرۆکەکەی‌و عەمیدەکانی پەیمانگاکان و نوێنەرانی وەزارەتە پەیوەندارەکان لەوانەی بەلایەنی کەمەوە لەرادەی بەرێوەبەری گشتیدان‌و لە دیاریکردنیاندا کارمەندی‌و پسپۆری رەچاو دەکری‌و بریاردان لە سەر ئەندامەتی‌یان لەلایەن سەروکی ئەنجومەنی وەزیرانەوە بۆ ماوەی دووساڵ دەبی‌و دەشێ نوێ بکرێتەوە، هەروەها نوێنەرێکی هەڵبژێردراو لەلایەن دەستەی دەرسووتنەوەی هەر پەیمانگایەک بۆ ماوەی دووساڵ .

٢- ئەنجومەنی دەزگا ئەو تایبەتکاری‌و دەسەلاتانە بەجێ دێنی کەبە ئەنجومەنی زانکۆ سپێردراون بەشێوەیەک کەلەگەل بارودوخی دەزگا بگونجی‌و بۆیشی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی بەسەرۆکی دەزگا بسپێرێ .

٣- تایبەتکاریو چۆنێتیی بریارەکانی بەپێی ماده ( ١٣ و ١٤ )ی ئەم یاسایە دەبێ .

ماددەی بیستو نویەم :

١- ئەوەی بەسەرۆکی دەزگا دادەمەزری دەبێ باوەرنامەی دوکتورای هەبێو پلەی زانستی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر کەمتر نەبێ و لەکارمەندانو پسپۆران بێو لەلایەن ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوەوە لەوانەی لەپلەی مامۆستای یاریدەدەرو بەرەوژوورن هەلبژێردرابێ .

٢- سەرۆکی دەزگا هێندەی ئیش پەیوەندیی بە کاروباری دەزگاوە هەبێ دەسەلاتەکانی سەرۆکی زانکو بەجێ دێنێو بۆی هەیە هەندێ لەدەسەلاتەکانی بەعەمیدەکانی پەیمانگاکان یا هەر کەسێ بەپەسندی بزانێ بسپێرێ .

ماددەی سییەم : پەیمانگا لەلایەن ئەنجومەنی پەیمانگاوە بەرێوەدەبریو دەبێتە دەسەلاتی بالاو لەلایەن عەمیدی پەیمانگاو سەروکی بەشو لقەکان پێکدێ کەهەمان تایبەتکاریو دەسەلاتەکانی کولیجی زانکوکانی دەبێ بەشێوەیەک کەلەگەل بارودوخی پەیمانگادا بگونجێو بۆی هەیە هەندی لەدەسەلاتەکانی بەعەمید بسپێرێو تایبەتکاری یەکانیو چۆنیەتیی بریاردانی بەو شێوەیە دەبێ کەلەماده( ١٦)ی ئەم یاسایەدایە.

ماددەی سیویەکەم:

١- دەبێ ئەوەی بەعەمیدی پەیمانگا دادەمەزری لەپلەی مامۆستاو بەرەوژووردا بێ دوای هەلبژاردنی لەلایەن دەستەی دەرسووتنەوەی پەیمانگاوەو بەبریاری ئەنجومەنی وەزیران لەسەر ئاموژگاریی ئەنجومەنو بۆ ماوەی چوار سال دەبێ .

٢- عەمیدی پەیمانگا ئەو دەسەلاتو تایبەتکاری یانەی عەمیدی کولیجی دەبێ کەلەم یاسایەدا دیاریکراونو بەشێوەیەک کە لەگەل ئامانجەکانی پەیمانگادا بگونجێ .

بابی چوارەم

چەند حوکمیکی گشتیوکوتایی

ماددەی سیو دووەم:

١- ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوە پلە زانستیەکانیانو هەموو ئەو مافەنەیان دەمینی کەلەم یاسایەداو یاساکانی ترو پەیرەوورێنماییەکانیاندا هەن جگە لەسەرمووچە ( مخصصات)ی خۆتەرخان کردن لەحالەتی ( تەنسیب) یا تەرخانکردنیاندا بۆ فەرمانیک لەئەنجومەنی خوێندنی بالاو لێکولینەوەی زانستی یا مەلبەندەکانی زانکۆکانو دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانو وەزارەتی پەروەردەو ئەو ماوەیەشیان بەخزمەتی زانکوێی بو مەبەستی زیادەی سالانەو پلە بەرزی و خانەنشینی بۆ حساب دەکرێ .

٢- ئەندامانی دەستەی دەرسووتنەوە لەحالەتی دامەزراندنیان یاگوازتنەوەیاندا بۆ فەرمانێک لە دەرەوەی دەزگاکانی خوێندنی بالادا مافی پایەبەرزیی زانستی ( الترقیه العلمیه) یان دەمینێ ئەگەر مەرجە پێویستەکانیان تێدابێ جگە لە مەرجی دەرسووتنەوە .

ماددەی سیو سێیەم :

أ- ئەم کاروبارانە بەپەیرەو دیاری دەکرین .

آ- مەلبەندەکانی لێکولینەوەی زانستی لەزانکۆکانو کولیجەکانو دەزگای پەیمانگا هونەرییەکانو تایبەتکاریو کاروبارە زانستیو ئیدارییەکانیان .

ب- بەشەکانی فەرمانگەکانی خوێندنی بالاو تایبەتکارییەکانیانو بەشەکانی مەلبەندەکانی زانکۆکانو دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان .

ج- کاروباری پەیوەندیدار بەوەرگرتنی قوتابییانو گواستنەوەیان .

٢- بەرێنماییەک کە ئەنجومەنی خوێندنی بالاو لێکۆلینەوەی زانستی دەریدەکا ئەو کاروبارانە دیاری دەکرین کە پەیوەندییان بەئامۆژگاریکردن و رێ نیشاندانەوە هەیە لەرووی زانستیوپەروەردەییو کۆمەلایەتیو فیکرییەوەو یاریدە دانیان لەرووی مادیو مەعنەوییەوەو رێکخستنی چالاکیی نابەرنامەییو تاقیکردنەوەکانیانو ئەرکی سەرشانیانو رێکوپێکییانو ناردنیان بۆ ( بعثەو زمالە)و هەرشتیک کەپەیوەندیی بەکاروبارەکانی تری زانستیو پەروەردەییەوە هەبێو رێکخستنی مولەتی خوێندن ( الاجازه الدراسیه) .

ماددەی سیو چوارەم :

١- دادگاکان نابێ ئەم جۆرە داوایانە ( دعوی) ببینن کە دژ بەزانکوو دەزگای پەیمانگا هونەرییەکان یا کولیجو پەیمانگاکانیان دەکرێنو

پەیوەندیەیان بەوەرگرتنو گوازتنەوەو تاقیکردنـەوە یا ئەو سزایانەوە هەیە کەلەسەر دەرنەچــــوونو شتی تر دەرهەق قوتابیەیان دەدرێنو تەنیا زانکـۆو دەزگای پەیمانگا هونەریەکان مافی یەکالاکردنەوەی ئەو شکاتانەیان هەیە کەلەم کاروبارانە دەوەشینـە. وەو بەرێنماییەک دیاری دەکرێن کەئەنجومەنـــی خوێندنی بالاو لێکولینەوەی زانستی دەریدەکا.

٢ـ دادگاکان نابێ داواکانی هەلسەنگاندنـــــــی باوەرنامەو پلەی زانستیی عێراقیو بیانــــیی دوای پلەی خوێندنی یاساییو داواکانی بەخشینـــی لەقەبو باوەرنامەی زانستیی شانازی ببینن .

ماددەی سیو پێنجەم: زانکوکانو دەزگای پەیمانگاهونــەری یەکان بۆیان هەیە لەتاقیکردنەوە زانستییەکـانو پراکتیکە زانستیو تاقیگەیی کانیانو راهینانـــی قوتابییانیاندا سوود لەهەموو دامودەزگــــــا پسپۆرەکانی فەرمانگەکانی هەرێم ببینو لەســەر ئەم فەرمانگەیانەش پێویستە کە کاریان ئـاسان بکەنو یاریدەیان بدەن .

ماددەی سیو شەشەم: هەردوو یاریدەدەری سەرۆکی زانکـــۆ بەبریاری ئەنجومەنی وەزیرانو لەســەر پێشنیازی ئەنجومەنی زانکو دادەمەزرینو ئەرکەکانیـــــان بەپێی رێنماییەک دیاری دەکرێنو دەبێ بلایەنـــی کەمەوە لەپلەی پرۆفیسۆری یاریدەدەردا بن .

ماددەی سیو حەوتەم:

١ـ بۆ هەر کولیجیک یاریدەدەریکی عەمید بـــــە بریاری سەرۆکی زانکوو لەسەر ئاموژگــــاریی ئەنجومەنی کولیج دادەمەزری .

٢ـ بۆ هەر پەیمانگایەک یاریدەدەریک بەبریــاری سەرۆکی دەزگاو لەسەر ئاموژگاریی ئەنجومــەنی پەیمانگاکە دادەمەزرێ .

ماددەی سیو هەشتەم: زانکوکانو دەزگای پەیمانگا هونـەری یەکان دەبەخشرین لەرەسمی گومرگی هەموو ئــەو شمەکو کەلوپەلو جیهازانەو پارچەکانیـــــانو شمەکی پەدەکو تاقیگەییوئامیری روونکردنـــەوەو فلیمو بلاوکراوەو کتێبو چاپەمەنیی هینراو لـــە دەرەوە لەچوارچێوەی پرۆژەو تایبەتکارییەکـانی خوێندندا کەخزمەتی مەبەستەکانی دە بە خشریـــن

ماددەی سیو نویەم :

١ـ ئەنجومەن بۆی هەیە پەیرەوی پێویست بـــۆ ئاسانیی جێبەجێ کردنی حوکمەکانی ئەم یاسایـە پێشنیاز بکا .

٢ـ کاربەهیچ دەقێک ناکرێ کەلەگەل حوکمەکانـــی ئەم یاسایەدا ناکۆک بێ .

ماددەی چلەم : دەبێ ئەنجومەنی وەزیران حوکمەکانی ئـەم یاسایە جێبەجێ بکا .

ماددەی چلو یەکەم :

ئەم یاسایە لەرۆژی بلاوکردنەوەیەوە لە رۆژنامەی رەسمیدا کاری پێدەکرێ .

جوهر نامق سالم

سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی

کوردستانی عێراق